# پێشکەش

## مامۆستایانی بەڕێز

ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەستاندایە بریتیە لە پوختەی پێناسەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لەگەڵ کۆکراوەی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو تویژینەوەی زانستیەوە  سەبارەت بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پرۆسەکە دەرچوونە.

دڵنیایی جۆری پرۆسەیەکی بێ کۆتاییە و مەبەستی سەرەکی تێیدا بریتیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێربوون لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا و قوتابیان بە شێوازێکی بەردەوام ، و ڕێگەنیشاندانیان بۆ خۆچاککردن و گەشەپێدان.

بە پێی ستراتیجیەتی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ،پرۆسەی دڵنیایی جۆری بریتیە لە چوار بەرنامەی لێکبەستراو.

**یەکەم:** بەرنامەی دڵنیایی جۆری لە خوێندن و ڕاهێنان ، کە بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا و پاراستنی مافی خوێندکاران دانراوە لە ڕێگەی چەند پرۆسەیەکەوە ئەنجام دەدرێت ، بۆ نموونە:

- پێدانی کۆڕس بووک بە خویندکاران لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی خوێندن .
- وەرگرتنەوەی فیدباکی قوتابی کە پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کۆدەکرێتەوە و لەلایەن لێژنەی دڵنیایی جۆری بەش و فاکەڵتیەوە شی دەکرێتەوە و بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ دەنێردرێتەوە .
- هەڵسەنگێنەری دەرەکی کە بەرنامەی خوێندن و تاقیکردنەوەکان هەڵدەسەنگێنێ و چاو بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەنامەکانی دڵنیایی جۆری لەبەشە زانستیەکاندا دەخشێنیت.

**دووەم:** گەشەپێدانی خودی مامۆستا ، کە بریتیە لە پرۆسەکانی

- زانستخوازی بەردەوام
- هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا
- پێداچوونەوەی هاوەڵان

**سێیەم:** پەرەپێدانی پرۆگرامەکان ، کە بریتیە لە :

- پتەوکردنی توانای زمانەوانی ، بەتایبەتی ئینگلیزی و عەرەبی.
- پتەوکردنی توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ دەستکەوتنی زانیاری بە شێوەیەکی سەربەخۆ.
- فێرکردنی خوێندکار بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕی فیکری زانستی بە دیدی ڕەخنەگرانە.

**چوارەم:** مۆڵەت پێدان و متمانەبەخشین بە زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان لە کاتی کرنەوەی بەش ، سکوڵ، کۆلێژ یان فاکەڵتی و زانکۆی نویێ. لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیە ژێرخان و توانا مرۆییەکان و دابین کردنی

پێداویستییەکانی تری وەک ئامێر و کەلوپەل و میکانیزمی تەندروستی و سەلامەتی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

دیارە لە سیستەمی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستاندا تازە لە دەستپێکدایە و ساڵ لە دوای ساڵ بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەزموون و چاوپێخشاندنەوەی بەردەوام و هەوڵ و هیممەتی مامۆستایانی پێشەنگ ، گەشە دەسێنێ ، و دەوڵەمەندتر و تۆکمەتر دەبێ.

بەرێزان پرۆسەی دڵنیایی جۆری موڵکی مامۆستایە ، و ئامانجە سەرەکیەکانیشی نەک تەنیا بریتین لە پاراستنی مافی خویندکار ، بەڵکو بۆ پیرۆز ڕاگرتنی پیشەی مامۆستایەتی و بەرز ڕاگرتنی هەیبەتی زانکۆ و دەستەکانە و بۆ مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی گەشترە بۆ خەڵک و خاکی هەرێمەکەمان. بۆیە وا لە مامۆستایان چاوەڕوان دەکرێت  بە بەبێ دوودڵی بەشداری چالاکانە لەسەرخستنی ئەو پرۆسەیە بکەن و بیکەنە بەشیکی دانەبڕاو لە کاری ڕۆژانەیان.

**پرۆفیسۆر دلاوەر عبدالعزیز علاءالدين**


**وەزیری خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**و**

**دکتۆر شێروان نوری غەفور**


**بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری**

**لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**




## پەیکەری سەرپەشتی دڵنیای جۆری

بەرپرسیارێتی دڵنیابوون لە کواڵیتی خوێندن و ڕاهێنان لە ئەستۆی سەرۆکایەتی زانکۆ/دەستەیە . ئەو بەرپرسیاریەتیە دواتر شۆڕ دەکرێتەوە و دەخرێتە ئەستۆی ئەنجومەنی فاکەڵتی و سـکوڵ و بەشەکان. ڕۆڵی بەڕێوەبەری دڵنیایی جـتۆری زانـکۆ/دەستە بریتیە لە چاودێـتری کردن و بەدواداچـوونی جێبەجێ کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و ڕاهێنانی مامۆستایان و پسپۆڕان. ڕۆڵی وەزارەتیش بریتیە لە دەرکردنی ڕێنمایی و بەدواداچوونی جێبەجێ کردن.




## هەماهەنگیی لە نێوان بەرپرسەکانی دڵنیایی جۆری و پلانی وەرگرتن

لە هەموو ئاستێکی بەرپرسیارێتی لێژنە و بەڕێوەبەرایەتی و بۆڕدەکانی دڵنیایی جۆری و پلانی وەرگرتن لە ناوەوەی زانکۆ و دەستەکان و لە دیوانی وەزارەت بە هەماهەنگی ڕاستەوخـــۆ لە نێوان پسپۆڕ و بەرپرسەکانی هەردوو لایەن دەبێت . هیچ پلانێکی یەکە ئەکادیمییەکان بە بێ هـــــەڵسەنگاندن و ڕەزامەندی بۆڕدی دڵنیایی جۆری پەسەند ناکرێت.

# کوالێتی له خوێندنی باڵا

## پێشەکی:

پرۆسەی دڵنیایی جۆری بریتیە لە چەند چالاکیەکی بەردەوام لە پلان دانان ، چاودێریکردن ، بەدواداچوون ، هەڵسەنگاندن، ڕاپۆرت نووسین و جێبەجێ کردن، بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن لەگەڵ ئامانجەکانی بگونجێت.

پەرەپێدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە ناو زانکۆ و دەستەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ستراتیجیە گرنگەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی . ئەم پرۆسەیە بە دیاردەیەکی نوێ لە ناو ئەزموونی ئەمرۆی خوێندنی باڵا لە هەرێم و لە سەرتاپای عێراق ئەژمێردرێت. جێبەجی کردنیشی نرخ بەو ئاستە بەرزە دەدات و هاوڵاتی ناو کۆمەڵگا لە ئاستی خویندن و ڕاهێنان و بەهای بڕوانامەکانی زانکۆ و دەستەکان دڵنیا دەکاتەوە .

## بنەما و پێکهاتەکانی دڵنیایی جۆری

لەناو سیستەمی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیە چەند بەرنامەیەک لەخۆ دەگرێت وەک:

| | |
|---|---|
| دڵنیایی جۆری خوێندن | teaching Quality Assurance |
| زانستخوازی بەردەوام | Continuous Academic Development |
| پەرەپێدانی پرۆگرامەکان | Programme Development |
| هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا | Assessment of Teachers Portfolio |
| مۆڵەتپێدان متمانەبەخشین | Licensing and Accreditation |

ئەم بەرنامانە بەچەند ڕێنماییەک دارێژراون کە لەگەڵ ئەزموونی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان بگونجێت و لەگەڵ ستاندەری بەرنامەکانی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان هاوتابن. ئەم پرۆسـەیە هەمیشە لە ژێر چاودێری کەسانی پسپۆڕدا جێبەجێ دەکرێت و ساڵانەش پێداچـــوونەوەی لەسەر دەکرێت و بابەتەکانی ناو ئەم بەرنامانە هەمیشە وە بە پێی پێویست و بەمەبەستی بەرەوپێشخستن لە گۆڕانکاریدا دەبێت و پێداچـــوونەوەی لەسەر دەکرێت.

لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری خوێندندا ماف و ئەرکی قوتابی لە ناو زانکۆ و دەستەکاندا دەستنیشان دەکرێت و ئەرکی زیاتر دەدرێت بە مامۆستای وانە بێژەکە بە پەیرەوکردنی بەردەوام دەبێت و پێداچوونەوەی لەسەر دەکرێت.

جێبەجێکردن و ئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری خوێندن و ڕاهێنان و وەڵامی گشت پرسارە گرنگەکان دەداتەوە .... لەوانە:

- دڵنیاکردنی زانکۆ / دەستەکان لە ئاستی کواڵێتی ئەو بڕوانامەیەی کە دەیدەن بە قوتابی.
- دڵنیاکردن لە جۆری خویندن و گووتنەوەی وانەکان.
- پشتگیریکردنی قوتابی لە کاتی وەرگرتنی کۆرسەکانیان و پاراستنی مافیان .
- دڵنیاکردنی قوتابی لەو بڕوانامەیەی کە پێی دەبەخشرێت.
- دڵنیاکردنی بازاڕی کار لە ئاستی هونەر و زانستی کادیرانی پیشەیی.
- ڕاپۆرت نووسین ، پێداچوونەوە و بەدواداچوون ، چاودێریکردن ، فایل هەڵگرتن ، بڕیاردان ، هەندێ جار لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی وانەکان و جۆری گوتنەوەیان.

بەگشتی کارکردن لەسەر دڵنیایی جۆری خاڵە لاواز و پتەوەکانی ناو دەزگاکانی خوێندن (زانکۆ و دەستەکان) نیشان دەدات کە دواتر دەتوانرێت لەسەر ئەو بنەمایە بەرزڕاگرتنی ئاستی زانست دابڕێژرێت.

# پەیکەر و میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری

لە سەرەتای دەستپێکردنی بەرنامەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لێژنەیەکی باڵا دروستکرا بۆ پێداچوونەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەو ڕەشنووسەی جەنابی وەزیری خویندنی باڵا دایڕشتبوو سەبارەت بەڕێنماییـــــەکانی چۆنیەتی جێبەجێ کردن و ئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی لە زانکۆ/دەستەکاندا. لێژنەکە پێکهاتبوو لە یاریدەدەری سەرۆک زانکۆ/دەستەکان بۆ کاروباری زانستی و ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری ئەکادیمی و بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری لە وەزارەت .

لەمەودوا لە ئاستی وەزارەتدا ، بۆڕدێکی تایبەتمەند بە ناوی بۆڕدی دڵنیایی جۆری کە سیاسەت و ستراتیژیەت و پلانی سەرتاسەری بۆ پرۆسەی دڵنیایی جۆری دادەڕێژێت و سەرپەرشتی ئەنجامدانیشی دەکات . لە خوار ئەویشەوە لێژنەی باڵای دڵنیایی جۆری بە ئەندامێتی بەڕێوەبەرەکانی دڵنیایی جۆری زانکۆ و دەستەکان، ستراتیژیەت و ڕێنماییەکان جێبەجێ دەکات . لێژنەی دڵنیایی جۆری گرنگترین پێکهاتەیەکە وەک لێژنەیەکی پسپۆری تایبەتمەند ئەرکی سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسەکە و ڕاهینانی مامۆستایان و ڕێکخەران دەگرێتە ئەستۆ.

١- بۆردی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین.

پرۆسەی دڵنیایی جۆری  لە دەزگا حکومەتی و ئەهلیەکانی خوێندنی باڵا لە لایەن بۆڕدی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین سەرپەرشتی دەکرێت .ئەندامانی ئەو بۆڕدە بریتین لە هەڵگرانی ئەم پۆستانە:

- ڕاوێژکـــــارێکی وەزیر _ سەرۆک.
- بەڕێوەبەری گشتی پشکنین و دلنیایی جۆری .
- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین لە دیوانی وەزارەت  _ بڕیاردەر(مقرر).
- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ ئەهلییەکان .
- چوار (٤) یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی.
- یەک (١) یاریدەدەری سەرۆکی دەستە.
- چوار (٤) پسپۆڕی شارەزای ئەکادیمی.

**ڕۆڵی سەرەکی ئەم بۆڕدە بریتییە لە:**

- داڕشتنی سیاسەت و ڕێنماییەکانی پەیوەندار بە دڵنیایی جۆری بۆ پەسەندکردن لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە.
- پێداچوونەوە و جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانەی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەردەچێت.
- گەشەپێدانی ڕێنماییەکان و پێوەرەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین.

- هەڵسەنگان و پشتگیری کردنی پلانی وەرگرتنی سەرجەم بەش و سکوڵ و فاکەڵتیەکانی زانکۆ حکومەتی و ئەهلیەکان .
- بڕیاردان لەسەر متمانەبەخشین و مۆڵەتدان و کردنەوەی (بەش ، سکوڵ ، فاکەڵتی و زانکۆ) و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزارەت بۆ پەسەندکردن .
- بەبێ پێداچوونەوەی بۆرد هیچ پرۆپۆزەڵێک پەسەند ناکرێت لە وەزارەت.

**٢_پەیکەری دڵنیایی جۆری لەناو زانکۆ و دەستەکان:**

لە ناو دەزگاکانی خوێندنی باڵاشدا، لە ئاستی هەر بەشێک لێژنەیەک بۆ ئەنجامدانی کارەکانی دڵنیایی جۆری دامەزراوە .ئەندامانی ئەم لیژنەیە بریتین لە ڕێکخەرەکانی کۆرسە جیاکان ، واتە((کۆئۆردنەیـــــتەرەکان)). ژمارەی ئەم ریکخەرانە لە بەشەکاندا پەیوەندە بە توانای ئەو بەشە و ژمارەی بابەتە پسپۆریە جیاوازەکانی کە لە بەشەکەدا دەخوێندرێت. بۆ نموونە بەش هەیە ٢ ڕێکـــــخەری هەیە بەشی تر هەیە ٤ ڕێکخەری هەیە.

مامۆستایەکی خاوەن ئەزموونی ناو بەشی زانستی لە لایەن سەرۆکی بەشەوە دەستنیشان دەکرێت بـــــــە ((سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی)) بە مەرجێک ئەو مامۆستایە ڕۆڵی ئیداری تری نەبێت، وە باشتریش وایە کە(بە پێی توانا)خۆی ڕێکخەری کۆرس نەبێت. هەر ئەندامێکی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی دوو کاتژمێر نیسابیان دادەبەزێتە خوارێ.

سەرۆک لێژنەکانی بەشە جیاجیاکانی ناو سکوڵ و فاکەڵتیەکان ئەندامن لە ((لێژنەی دڵنـــــــیایی جۆری فاکەڵتی)).یەکێک لەوان سەرۆکی لێژنەکەیە و یەکێکی تر جێگرێتی بە مەرجێک ئەوانە کاری ئیداری تریان نەبێت . ئەم سەرۆک لێژنانە چوار کاتژمێر نیسابیان دادەبەزێت.

سەرۆکی لێژنەی فاکەڵتیە جیاجیاکان ئەندامن لە لێژنەی زانکۆ/ دەستە بۆ دڵنیایی جۆری. ئەم لێـــــــژنەیە لەلایەن بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریەوە بەڕێوەدەچێت و لە لایەن یاریدەدەری سەرۆک چاودیری دەکرێت. سەرۆکی لێژنەی فاکەڵتیەکان شەش کاتژمێر نیسابیان دادەبەزێت.

گشت لێژنەکان سوود لە پشتگیری ستافی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لە سەرۆکایەتی زانکۆ/ دەستــەکان وەردەگرن و بەرپرسیارن لە پیادەکردنی ڕێنماییەکانی سەرەوە و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئامادەکـــــــــردنی پەرتووکی کۆرسەکان و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و فیدبـــــــــــتاکی قوتابی بە شێوەیەکی بنەڕەتی وە بەدواداچوونی دەرئەنجامی داتا و فیدباکەکان. بەگشتی بەرپرسیارێتی دڵنیابوون لە کوالێـــــــتی خویندن و ڕاهینان لە ئەستۆی سەرۆکایەتی زانکـــــــــــۆ/دەستەیە و ڕۆڵی وەزارەتیش بە دواداچوونە.

## بەڕێوەبەرەکان     :Managers

بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ و دەستەکان لە لایەن سەرۆکی زانکۆ/دەستە دامەزراون و پلەی زانستییان لە دکتۆرا یان ماستەر کەمتر نیە و بەرپرسیارێتی تەواوی دڵنیایی جۆری خوێندنیان پێڕاســــپێردراوە . ئەم بەڕێوەبــەرانە شیاون لە زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەتایبەتی سۆفتوێری وۆرد و سپرێدشیت و داتابەیس . جگە لە بەڕیوەبەرایەتی و پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە .ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرەیە کە بزانێت چی ئەنجامداوە لەسەر ئاستی بەش و کۆلێژەکان، وە هەروەها پەیوەندیکردن لەگەڵ هەڵسەنگێنەری دەرەکی لە کاری ئەم بەڕێوەبەرەدایە، بەڵام ڕۆڵی ئەم هەڵسەنگێنەرە دەرەکیە لە لایەن بەش و کۆلێژەوە دادەنرێت.

کارێکی گرنگی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری ئەوەیە کە نووسراوێک دەربارەی( فەرمایشتی بایەخی زانکۆکان Univeristy Value Statement) دەربکات بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندکار واژووی لەسەر بکات پێش دەستپێکردنیان بە خوێندن لە زانکۆ / دەستە.

بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری لە زانکۆ/دەستە ئەندامە لە لێژنەی باڵای دڵنــــــیایی جۆری لە وەزارەت وە سەرۆکایەتی لێژنەی زانکۆش دەکات و ئەرک و دەسەڵاتەکانی بریتین لە:

- ئەنجامدانی کارەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری وەزارەت وەکــــو ناردن و وەرگرتنی نووسراو بە مەرجێک یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ/ دەستە بۆ کاروباری زانستی ئاگاداربێت.
- چاودێری کردنی ڕاستەوخۆی کارو چالاکیەکانی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام لە هەموو بەش و سکوڵ و کۆلێژ و فاکەڵتیەکان.
- هاوکاری کردنی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ/دەستە بۆ کاروباری قوتابیان و خوێندکاران و بەڕێوەبەری تۆمارگەی زانکۆ/دەستە بۆ داڕشتنی پلانی وەرگرتن لە سەرجەم بەشە زانستی و سکــــــــوڵ و فاکەڵتیەکاندا .ئەوکارنە بە هاوکاری و بەشداری لێژنەکانی دڵنیایی جۆری ئاستیفاکەڵتی و ســـکوڵ و بەشە زانستیەکانەوە ئەنجام دەدرێت . هـەریەک لەوانە لەگەڵ بەرپرسە هاوتاکەی تۆمارگە لە ئاستی بەش یان سکوڵ یان فاکەڵتی تەنســـیق دەکات ، بەڵام ڕای خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەداتە بەڕێوەبەری دلنیایی جۆری.
- پەسەندکرنی پلانی وەرگرتنی زانکۆ/دەستە بە پێی فۆڕمی هەڵسەنگاندن و لەسەر بنەمای مەرجەکانی دڵنیایی جۆری و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیە مرۆیی و ژێرخان و داریـــی وکەل و پەل و ئامێر و پەرتوکخانە و ئامرازەکانی تەندروستی و سەلامەتی.
- ئامادەبوون لە ئەنجومەنی زانکۆ/دەستە سەبارەت بە بابەتەکانی دڵنیایی جۆری.
- نووسینی ڕاپۆرت ، پێداچوونەوە ، بەدواداچوون ، چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە لە جۆر و شێوازی ووتنەوەی وانەکان و پرسیارەکانی ئەزموونەکان دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوە .
- دەسەڵاتی بینین و گفتوگۆی هەیە لەگەڵ مامۆستای وانە بێژ بە ئامادەبوونی بەرپرســـــی دڵنیایی جۆری کۆلێژ/فاکەلتی.
- هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تۆمار لە زانکۆ/دەستە بۆ پلانی وەرگرتن.

## ڕێکخەرەکان Coordinators

لە ڕێنماییەکان و ئەرکی ڕیکخەرەکان بەم شێوەی خوارەوە دەستنیشانکراوە:

- ڕیکخەر دەبێت لەلایەن ئەندامانی لێژنەی زانستی بەش دەستنیشان بکرێت .
- خاوەن ئەزموون بێت و زانیاری تەواوی هەبێت لە بوارە جیاجیاکانی ئەو بەشەی کاری لێدەکات.
- لە بڕوانامەی ماستەر کەمتری نەبێت.
- شیاو بێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر (وۆرد ، سپرێد شیت ، داتابەیس).
- زمانی ئینگلیزی بزانێت.
- بە حەزی خۆی ئەو کارە بکات.

لەهەمان کاتدا ڕێکخەری کۆرس بەم جۆرەی خوارەوە ئەرکیان بەسەردا سپێردراوە:

- ڕێکخەر دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان ئیدارە وو قوتابی بۆ هەر کارێک کە پەیوەندی بە کۆڕسەوە هەبێت .
- بە هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستا پەرتوکی کۆرس بۆ قوتابی ڕێکبخات.
- کەناڵی پەیوەندیکردن بە قوتابی دابینبکات و بەردەوام ئیمەیڵ و بەریدی قوتابی بخوێنێتەوە .
- بە بەرنامە کارەکانی ڕێکبخات و پەیوەندی بە سەرۆکی بەش و مامۆستای وانە بێژەوە بکات تا هیچ وانەیەک وانەکەوێت یان شاغیر نەبێت.
- فیدباکی قەتابی خویندکار بۆ کۆڕسەکە و وانەکان مسۆگەر بکات.

سەرۆک لێژنەی بەشەکان وێرای کارەکانیان هەموو ساڵیک لە مانگی ئەیلولدا ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل پێشکەش بە لێژنەی کۆلێژەکان دەکەن و تێیدا باس لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆڕسەکانی ساڵی ڕابردوو دەکەن .ئەم ڕاپۆرتانە پوختە دەکرێن و دەدرێن بە لێژنەی بەرزتر ، دواتر ئەمان خاڵە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانی ساڵی ڕابردوو دەستنیشان دەکەن بۆ لێژنەی باڵا.

**ماموٚستا وانه بیّژەکان        Teachers**

وێرای هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانه ئەرکی ماموٚستای وانه بێژه که:

- پەرتووکی کۆرس ئاماده بکات که تێیدا ئامانجی هەموو وانەیەک و کورتەی ناوەرۆکـــــیان و سەرچاوەی زانیاری پێویست و جۆری تاقیکردنەکان ڕوون بێت و له سەرەتای ساڵی خوێندن بیدات به قوتابی.
- وانەی زانستیانەی تێروتەسەل و دەوڵەمەند به نوێترین زانستی سەردەم ئاماده بکات .
- به پێی پێوەری هونەریانه پوختەی بابەتەکه بخاته سەر پاوەرپۆینت و له وانەدا بەکاری بهێنێت وه لەکاتی گونجاودا (پێش یان پاش وانەکه) سلایدەکان به چاپکراوی بخاته قوتابی خوێندکار.
- نموونەی پرسیار و وەڵامی نموونەیـــی تاقیکردنەوه بخاته ناو پەرتووکەکه و لەوانەکانیشـدا هەمان جۆری نموونه بۆ قوتابی خوێندکار شیبکاتەوه .لێرەدا دوو نموونەی پرسیاری ئینشــــــائی و پێج نموونەی پرسیاری هەمەبژار یان هەر جۆره پرسیـــــــــارێکی تر نیشان دەدرێت و چەند خاڵێکی سوودبەخش و ڕێنیشاندەر دەخرێته ڕوو بۆ ئەوەی قوتابی خوێندکار بزانێ چـــــــــۆن پلان بۆ وەڵامدانەوه دابنێ و پلانەکه ئەنجام بدات و دواتر خۆی له شــــوێنی ماموٚستاکه دابنێ بۆ ئەوەی تێڕوانینی هەبێت که ئایا ماموٚستا بەدوای چ پەیام و خاڵه گرنگــــــــەکاندا دەگەڕێ و لەسەر چ بنەمایەک بڕیار لەسەر دانانی نمره دەدات .نموونەی پرسیارەکان پێویسته له سێ ئاستدا بن (ئاستی بەرز ، مامناوەندی ، نزم).
- پێویسته بۆ هەر کۆڕسێک دوو کۆمەڵه پرسیار لەگەڵ وەڵامی نموونەیی دابنێت بۆ ئەوەی له کۆتایی کۆڕسەکه لێژنەی تاقیکردنەوه یەکێک لەو کۆمەڵانه هەڵبژێرن .
- ئامۆژگاری کردنی قوتابی خوێندکار که چۆن هونەری وەڵامدانەوه فێربێت و له تاقــیکردنەوەکاندا باشتر وەڵام بداتەوه، بۆ نموونه: پرسارەکه دووجار بخوێنێتەوه _ بیر له وەڵامەکەی بکاتەوه _ له لاپەڕەیەکی جیادا پلانی بۆ دابنێت _وەڵامەکه پێشەکی و ناوەڕۆک و دەرئەنجـــــــامی تیدابێت.
- دابینکردنی خولی تایبەت له هاویندا وەک (وۆرد، سپرێد شیت، پاوەر پۆینت ،داتاشۆو)
- له فۆرمێکی ڕاپرسیدا ماموٚستای وانه بێژ ڕا و بۆچوونی خۆی دەرئەبڕێت بۆ هەڵسەنگاندنی سەرۆکی بەش و سکوڵ . به هەمان شێواز سەرۆک بەش و سکوڵەکان ، ڕاگرەکان هەڵدەســــــــتەنگێنن (بڕوانه خشتەی ژماره ١،٢)

# ئەرک و مافەکانی قوتابیان و خویندکاران

**مافەکان:**

- قوتابی مافی وەرگرتنی پەرتووکی کۆرسی هەیە پێش وەخت پێیدرابێت.
- لە کۆتایی هەموو کۆرسێک ، قوتابی دەبێت بە گوێرەی پێوەری فیدباکی بابەتیانە ڕاو هەڵسەنگاندنی خۆی بە گوێرەی ڕاپرسیەک دەربرێت .
- لە دوای هەموو تاقیــــــــکردنەوەیەک، قوتابی مافی ئەوەی هەیە کە ڕاو هەڵسەنگاندی خۆی لە پرۆسەی تاقیکردنەوە بە گوێرەی فیدباکی بابەتیانە دەربڕێ. ئەو فیدباکە بۆ خاتــــری گۆڕانکاری و چاککردنی کۆرس و ناوەڕۆک و شێوازی تاقیکردنەوەدا بەکاردەهێنرێن، وە هەروەها فیدباکەکە دەبێتە پێوەرێک لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی شێوازی بەڕێوەبردنی کۆرسەکە و بەشی ناو کــۆلێژ و تەواوی کۆلێژەکە بەکار دەهێنرێت.
- دەفتەری هەموو قوتابیــــــەکی کەوتوو (دەرنەچوو)لە لایەن دوو مامۆستاوە سەیر دەکرێت، بەو هۆیەوە هەموو لایەک لە دادوەری سیستەمەکە دڵنیا دەبن .

**ئەرکەکان:**

زانکۆ ئەرک و مافی بەسەر قوتابی خویندکارەوە هەیە، هەروەک چۆن ئەوان ئەرک و مافیان بەسەر زانکۆوە هەیە. لە دەستپێکی هەموو ساڵێکی نوێی خوێندن کاتێک قوتابی خویندکار وەردەگیرێت لە زانکۆ/دەستەکان کۆمەڵێک فەرمایشت هەیە (University Value Statement) دەدرێت بە قوتابی خوێندکار و دەبێت واژووی لەسەر بکات کە خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە :

١_ هەڵسوکەوتی قوتابی خوێندکار دەبێت بەو شێوەیە بێت کەلە فەرمایشتەکانی زانکۆدا هاتووە .

٢_ قوتابی خوێندکار دەبێت پابەند بێت بە هەموو ئەو ڕێنمایی و فەرمایشتانەی کە واژووی لەسەر دەکات لە کاتی وەرگرتنی لە زانکۆ/دەستەدا .

بنەمای هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان و کۆرسەکان و وانەکان لە لایەن قوتابی و خویندکارەوە زۆر گــــــرنگ و پێویستن، دیارە کە دەوامــــکردنی قوتابی خویندکار گرنگی تایبەتی نەک تەنیا بۆ فێربوون ڕاهێنان هەیە بەڵکو بۆ سەرکەوتنی کاری پیرۆزی زانکۆ و پەیمانگەکان لەو پەڕی پێویستیدایە، بۆیە پێویســــتە ئیدارەی کۆلێژەکان دەوامکردنی قوتابی خوێندکار زۆر بە هەند وەربگرێت و ئامادەبوونیان بە نووســــــــین و بەدواداچوون تۆمار بکرێت.

ئەرکێکی ئەکادیمیە کە هەموو قوتابیەکی خوێندکار لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەدا ڕەفتار بکات و ئاستی زانست و بڕوانامەکان بەرز بکاتەوە . ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جەخت لەسەر ئەوە دەکات هەر قەتابیەکی خویندکار کە لە ڕێژەی ١٠% بێ پاساو وە لە ١٥% بە پاساو لە وانەکانی هەر کۆرسێک ئامادەنەبوونی (غیاب) هەبێت ئەوا:

- مافی هەڵسەنگاندنی بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی کۆڕسەکە نامێنێت.
- مافی تاقیکردنەوەی لەم کۆرسە نامێنێت و کەوتووی دەوری یەکەمی ئەو کۆڕسە دادەنرێت و بە ئۆتۆماتیکی ناوی دەخرێتە لیستی تاقیکردنەوەی دەوری دووەم.

هەر قوتابیەکی خوێندکار  کە ڕێژەی غیابی لە کۆی گشتی وانەکانی ساڵ، یان ڕۆژانی دەوامی ساڵ بە ڕێژەی ١٥% بێ پاسا و  وە لە ٢٠%  بە پاســـــــــــاو تێپەڕ بکات ئەوا لەو ساڵەکەدا بەبێ ئەوەی مافی هیچ تاقیکردنەوەیەکی هەبێت بە تۆتۆماتیکی بە کەوتوو دادەنرێت.

هەر قوتابیەکی خوێندکار کە نیوەی ژمارەی وانەکانی ساڵانە (یان نیوەی وانەکانی کۆڕس) کەمتر بکەوێت ئەوە مافی تاقیکردنەوەی دەوری دووەمی پێدەدرێت. ئەوانەی لەو ژمارەیە زیاتر دەکەون بە کـــــــــەوتوو دادەنرێت و مافی تاقیکردنەوەی دەوری دووەمی پێنادرێت.

ناوسڕینەوە (ترقین قید)هەروەک جارانە، واتە هەر قەتابیەکی خویندکار کە دوو ساڵ لەسەر یەک بکەوێ و سەقفی زەمەنی تەواو بکات، ئەوا ناوی لە زانکۆ و دەستەکان دەسڕێتەوە بەبێ ئەوەی مافی خویندنەوەی پێبدرێت. ئەوانە ئازادن لە زانکۆی ئەهلیدا بخوێنن.

# کۆڵەگە سەرەکیەکانی دڵنیایی جۆری

# لە خوێندنی باڵادا

پرۆسەی دڵنیایی جۆری خۆی لەسەر چەند بنەماو کۆڵەکەیەکی سەرەکیدا ڕادەگرێت و یەکێک لەوانە تەواوکەر ئەوی ترە. پرۆسەکە لە پێناسەکردن و داڕشتنی ئامانج و سیاسەت و ستراتیژ و پلانی دەزگاکانی خوێندنی باڵاوە دەست پێدەکات هەتا جێبەجێ کردنی پلانەکان و بەخشینی بڕوانامەی فێرکردن و ڕاهێنان بە قوتابیان و خوێندکاران.

بێ گومان پڕۆسەی دڵنیایی جۆری لەگەشەکردنی بەردەوامدایە لە ناوکێکی سنووردارەوە لە ساڵی ٢٠١٠ دەستی پێکرد و ئێستا گەیشتۆتە ئاستێکی پێشکەوتوو، بەڵام هێشتا زۆری ماوە بە تەواوی پێبگات . بۆ نموونە، لە ئایندەدا، پێویستە هەر دەزگایەکی خوێندنی باڵا پێناسەی ڕوانگە و ئامانج و سیاسەت و ستراتیژیەتی بە ڕوونی دابڕێژێ و دواتر پلانی پیادەکردن و جێبەجێ کردنیان دابنێ و دواتر وەزارەت دڵنیا بکاتەوە لە کوالیتی ئەنجامدان و کوالتی بەرهەمەکانیان.

لێرەدا باس تەنیا لەو بەش و پێکهاتانەی دڵنیایی جۆری کراوە کە تا ئێستا دامەزراون و بوونەتە بناغەی گەشەکردن و پەرەسەندنی پرۆسەکە و بەو هیوایەی کە لە ئایندەدا و دوای کەڵەکە بوونی ئەزموون و شارەزابوونی زیاتر پرۆسەکە پێ بگات و تەواو بکرێت.

**١ـ پێداچوونەوەی کۆڕسی خوێندن Course Review**

بابەتی ناو کۆڕسەکان دەبێت لەسەر ئاستی بەش پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.مامۆستای وانەبێژ ڕاستەوخۆ ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدان و چاکسازیکردن لە ووتنەوەی وانەکان هەیە، بە مەرجێک بابەتیانە و سەردەمیانە بێت. بەرزڕاگرتنی ئاستی زانستی بابەتەکانی ناو کۆڕسەکە ئەرکی سەرشانی مامۆستای وانە بێژە. ئامانجی بابەت و کۆڕسەکان لەگەڵ جۆری پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت.

ئەرکی هەموو ستافێکی ئەکادیمیە بە بەردەوام کار بکات لەسەر بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی خودی خۆی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای بابەتی نوێ و ئامادەبوون لە خولی ڕاهێنان و کۆنفرانس و وۆرکشۆپدا، لە هەمانکاتدا ئەرکی زانکۆ/دەستەیە بە دابینکردنی ئەو پێداویستیانە بۆ مامۆستا و ستافی ئەکادیمی لە هەموو ڕوویەکەوە.

لە کۆتایی ساڵدا قوتابی خویندکار بۆی هەیە ڕای خۆی بدات لەسەر ئەدای مامۆستا و بەرنامەی کۆڕسەکان هەڵبسەنگێنێت.

لێژنەکانی دڵنیایی جۆری لە بەش و سکوڵ و کۆلێژ یان فاکەڵتیەکان دەبێت بەردەوامی چاودێری و بەدواداچوون بکەن لەسەر بەرنامەی خوێندن و فێربوون . لێژنەی باڵا لە زانکۆ /دەستە کە لەلایەن یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی سەرپەرشتی دەکرێت ساڵی جارێک ڕاپۆرتێکی چڕ پێشکەش

دەکەن بە سەرۆک و ئەنجـــــومەنی زانکۆ سەبارەت بە بەرنامەی دڵنیایی جۆری و چـــــۆنیەتی بەرەو پێشخستنی.

گەر هاتوو بەنامەکان تێرو تەسەل و بێ کەمووکورتی بوون مەرج نیە لێژنەی باڵا هەموو ساڵێک ڕاپۆرتی دوورودرێژ پێشکەش بکات .لەم حاڵەتەدا دەکرێت ٢ ساڵ جارێک بیت، بەڵام لەسەر ئاستی بەش هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی بابەت و کۆرس مامۆستای وانەبێژ دەبێت ساڵانەبەردەوام بێت و ڕاپۆرت پێشکەشکات بە ڕاگر.

### ٢_ پەرتوکی کۆڕس Course Book

مامۆستای وانەبێژ دەبێت بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و پڕکواڵیتی دابڕێژێت سەبارەت بەو کۆرسەی دەیڵێتەوە . وانەیەکی زانستیانەی تێروتەسەل و دەوڵەمەند بە نوێترین زانستی سەردەم ئامادە بکات .لەسەرەتای ساڵی خوێندن مامۆستا کورتە باسێـــــــک لەو بەرنامەیە بە شێوەی پەرتووکی کۆڕس (خشتەی ژمارە ٣) دەخاتە بەردەست قوتابی، تیایدا:

- پەیام و ئامانجی خوێندنی بابەتەکان ڕوون و ئاشکرا دەکات.
- سەرچاوەی زانیاری و جۆری تاقیکردنەوە و نموونەی پرســــــیار و وەڵامی نموونەیی دەخاتە ناو پەرتوکەکە و وانەکانیشدا هەمان جۆری نموونە بۆ قەتابی شیدەکاتەوە.
- پەرتووکی کۆڕس وەک ڕێنیشاندەرێک قوتابی ئاگادار دەکاتەوە چی بخوێنێت چی چاوەڕوان دەکات لە مامۆستا.
- لە ڕێگەی پەرتووکی کۆڕسەوە قوتابی جۆری پرسیاری تاقیکردنەوە و شێوازی وەڵامدانەوە فێردەبێت.

### ٣_هەڵسەنگاندن Assessment

لە پێناوی دڵنیابوون لە ئاستی ئەکادیمی ئەو بڕوانامەیەی زانکۆ دەیبەخشێ، وە بە مەبەستی دڵنیابوون لە ئامانجەکانی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری و چاکـــسازیکردن، وە لە پێناو دڵنیابوون لە ئاستی زانستی و فێربوونی قوتابی، بەرنامەی هەڵسەنگاندن لە ناو زانکۆ و دەستەکاندا بە شێوازێکی ڕاست و دادوەرانە دەبێ جێبەجێ بکرێت . ئەم بەرنامەیە دەبێت سەربەخۆ و ڕەخنەهەڵگر بێت و بگونجێت لەگەڵ پەیام و ئامـــــــانجی درێژخایەنی زانکۆ/دەستە .پرۆسەی هەڵسەنگاندن و ناوەرۆکی بەرنامەکان خۆی بە خۆیدا هەموو ٢_٣ ساڵ جارێک دەبێ هەڵبسەنگێنرێت و چاوپیاخشاندن لە خاڵەکانیدا بکرێت.

## ٣A_ فیدباکی قوتابی Students Feedback

پرۆسەی دڵنیایی جۆری ماف دەدات بە قوتابی لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی ئەکادیمیەوە ئەدای مامۆســـتای وانەبێژ هەڵبسەنگێنی. قوتابی ڕێگەی پێدەدرێت کە لە سنوورێکی ئەکادیمی و بە گوێرەی پرسیاری دیاریکراو بیر و بۆچوونیان دەربڕن. پرسیارەکان لەلایەن لێژنەی دڵنیایی جۆریەوە دادەڕێژرێت و قوتابی مافی پێدراوە بە نهێنی پەیامی خۆیان بگەیەنن. لێژنەی دڵنیایی جۆری لە بەشە زانستییەکان لە کۆتایی ساڵـــدا یان لە کۆتایی وەرزدا فیدباکی قوتابی لەسەر بابەتی کۆرس و مامۆستا کۆدەکەنەوە . ئەم فیدباکانە بە شێوەیەکی ڕێـــک و پێک شیدەکرێنەوە و بە ڕاپۆرت دەدرێت بە سەرۆکی بەش، ڕاگر، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ .کۆپی ئەم ڕاپۆرتانە لەگەڵ فیدباکەکان لە فایلی تایبەتدا هەڵدەگیرێت (خشتەی ٤).

لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە ڕێگە بە قوتابی نادرێت بە ڕەخنەی تێکدەر ناوی مامۆستا بزڕێنێ یان هەستی خۆی بە ناو و ناتۆرە دەربیڕێ و تـــــــــۆڵەی سەرنەکەوتنی خۆی لە مامۆستا بکاتەوە .لەم سیستەمەدا تەنها ڕەخنەی دروستکەر بەهەند وەردەگیرێت، واتە، سیستەمی دڵنیایی جۆری مامۆستا لە قوتابی سەرکێش دەپارێزێت و مافی قوتابیش لە مامۆستای بێتوانا دەپارێزیت.

مامۆستای وانەبێژ بۆی هەیە کۆپی ئەو ڕاپۆرتە ببینێت بۆ ئەوەی بزانێ چ جۆرە زانیاریەکی لەسەر نوسراوە و لە چ بوارێکدا خۆی چاکبکات ، ئەو مامۆستایانەی توانیویانە زۆربەی قوتابی لە ئەدای ئەکادیمی خۆی ڕازی بکاتئەوا دەبێت بە فەرمی سوپاس بکرێت.

## ٣B_ هەڵسەنگێنەری دەرەکی External Assessor

ئەو کەسەیە کە لە دەزگایەکی ترەوە دێت و بە شێوەیەکی ئەکادیمی و دادوەرانە چاودێری پرۆسەی خوێندن و فێربوون دەکات لە زانکۆ/دەستەکان. هەڵسەنگێنەری دەرەکی دەبێت کەسێکی ئەکادیمی خاوەن ئەزموون بێت و توانای هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی ناو کۆڕسی هەبێت ڕای خۆی دربڕێت لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە چاودێـــــری کردنی تاقیکردنەوەکان و جۆری پرســــیارەکان .دەبێت پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری و سەروتری هـــــەبێت و بە گوێرەی توانا لە زانکۆ جیهانیەکانەوە بێت وە لەکاتی نەبوونی پلەی زانستی بەرز، دەکرێت پلەی نزمتر دەستنیشان بکرێت.

هەڵسەنگێنەری دەرەکی بۆی هەیە وەڵامی قوتابیەکان ببینێت بە تایبەتی بەرزترین و نزمـــترین نمرە وە بەدواداچوون بکات لەگەڵ خودی قوتابی و مامۆستای وانە بێژ، وە هەروەها بۆی هەیە کە بزانێت تا چ ڕادەیەک کوالێتی و ڕێساکانی کوالێتی جیبەجێ دەکرێت لەو بەشەدا. ڕاپۆرتی کۆتایی هەڵسەنگێنەری دەرەکی دەبێت بە هەند وەربگیرێت لەلایەن لێژنەی زانستی بەشەکان و ئەنجومەنی زانکۆ .بە شێوەیەکی گشتی گەر بکرێت هەڵسەنگێنەر دەبێت ٤ ساڵ بمێنێتەوە لە هەمان بەش . هەڵسەنگێنەر دەبێت لە ڕاپۆرتەکەیدا سەرنجی خۆی بنوسێت و وەڵامی ئەو پرسارانە بداتەوە کە لە نەخشەی ژمارە(٥) دا هاتووە .

لە کۆتایی ساڵدا بەشە زانستییەکان چەند کۆڕسێک هـــــەڵدەبژێرن بۆ هەڵـــسەنگێنەری دەرەکی .بەشە زانستیەکان پەیوەندی بە سێ مامۆستای خاوەن ئەزموون دەکەن لە دەرەوەی زانکۆ/دەستە، داوای CV

یان لێدەکرێت و لێژنەی زانستی بەش بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ/دەستە یەکێکیان هەڵدەبژێرێت.

پرۆسەی دڵنیایی جۆری بە شێوەیەکی ئەزموونی لە مانگی نیسان تا حوزەیرانی ٢٠١٠ دا لە هەندێ بەش و کۆلێژی گشت زانکۆ و دەستەکاندا تاقیکرایەوە. دوای بەدواداچوون و چاوپێـــکەوتن و دانیشتن لەگەڵ بەرپرسانی دڵنیایی جۆری هەندێ قوتابی و مامۆستا دەرئەنجام ئەوەبوو ئەم تاقیکردنەوەیە ئەزمـــوونێکی سوودبەخش بوو وە کاریگەریەکی باشی هەبوو لەسەر دروستکردنی ژینگەی دڵنیایی جۆری و بڵاوکردنەوەی کەلتووری کواڵێتی لەناو مامۆستا و قوتابیدا. دواتر لە مانگی سێپتێمبەری هەمان ساڵدا لەگشت بەشە زانستیەکانی ناو دەزگاکانی خوێندنی باڵای هەرێم بە فەرمی دەستکرا بە جێبەجێکردنی.

### ٤_ زنستخوازی بەردەوام Continuous Academic Development

لە پێناوی دڵنیابوون لە بەرزڕاگرتنی ئاستی زانستی ستافی ئەکادیمی و بەردەوامبوون لە نوێـــــکردنەوەی زانست و فێربوون ،ئەمڕۆ ئەرک و بەرپرسیارێتی دەزگاکانی خوێندنی باڵایە کە میکانیزمێکی لەبار بۆ هـــاندان و پشتگیـــریکردنی فێربوونی بەردەوام بۆ مامۆســـتایان دابڕێژن ،بەهەمـــان پێوەریش ئەرکـــی سەرشانی مامۆستایانە کە کەمێک زیاد ماندووتر بن و ببنە شایانی ئەو ئەرکە.

بۆ ئەم مەبەستە جگە لە ئەرکی وانەووتنـــــەوە، مامۆستا دەبێـــــت بە درێژایی ساڵ بەشداری لە چەند چالاکیەکـــــــدا بکات ،ئەو بەشداری کردنە ببێتە مایەی کرێدت کۆکردنەوە بە شێوەی خاڵ. جۆری بەشداریکردنەکە دەکرێت بە ئامادەبـــــوون بێت لەکۆڕ و سیمیناردا ، پێشکەشـــکردنی سێمیـــنار ،بڵاوکردنەوەی زانستی ،ئامادەبوون لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپدا ،بەشداریکردن لە لێژنەکاندا ...

(خشتەی ٦_١٥)

- پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریەوە بەڕێوەدەبرێت و لەلایەن جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی سەرپەرشتی دەکرێت.
- سیمیناری وەرزی لەئاستی هەموو کۆلێژ/فاکەڵتیەک و ئاستی هەموو بەش /سکـــوڵێکی زانستیدا ڕێک دەخرێت .ئەوەی یەکەمیان بۆ بەشدارێتی هەموو بەشەکانە بۆیەش بابەتەکانی گشتیتر دەبن لە هی بەشەکان.
- لە ئاستی هەموو کۆلێژ /فاکەڵتیەک و ئاستی هەموو بەش /فاکەڵتیەک زانستی بەرنامەی زنجیرە سێمیناری وەرز لەپێش دەستپێکردنی وەرزەکانی پایز و زستان و بەهار ڕێک دەخرێت.
- کۆپیەکی بەرنامەکە پێشوەخت بۆ بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ دەنێردرێت.
- ڕاگری کۆلێژ /فاکەڵتی بەرپرسی یەکەمە بۆ سەرپەرشتی ئەنجامدانی سیمیناری وەرزی لە هەردوو ئاستی کۆلێژ و بەشەکان. سەرۆکی بەشی زانستی بەرپرسە بۆ سەرپەرشتی ئەنجامدانی سیمـــیناری وەرزی بەشەکە. ئەوەش مانای ئەوە نیـــە کە هەر خۆشیان ڕێکخەری سیمیـــــنارەکان دەبن.
- سەرۆکی بەشی زانستی یەکێک لە مامۆستاکانی بەشەکە وەک ڕێکخەری سیمـــــــینارەکانی بەش دەستنیشان دەکات ،و ڕاگریش یەکێکی تر لە ئاستی کۆلێژدا بۆ ڕێکخستنی سیمینارەکانی کۆلێژەکان دەستنیشان دەکات.

- پێویستە خشتەی سیمینارەکانی کۆلێژ و بەش بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی کۆلێژ بۆ پەسەند کردن.
- پێویستە فۆڕمەکانی هاوپێچ A هەتا I ،لەلایەن بەرپرسەکانەوە پڕبکرێنەوە و بەگوێرەی گونجاو بە شیکراوەیی بۆ بەڕیوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ و کۆپیەک بۆ وەزارەت بنێردرێت.

## ٥_ هەگبەی مامۆستا Teacher's Portfolio

هەگبەی مامۆستا بریتیە لە کۆکراوەی ئەو زانیاری و بەڵگانەی کە توانای زانستی و کاری کارامەیی و چالاکیە کارگێری و ئەکادیمیە ئەنجامدراوەکانی مامۆستای زانکۆ لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا دەسەلمێنێ .

ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئەم هەگبەیە بریتیە لە (١) هاندانی مامۆستا بۆ باشتر خزمەتـــکردنی ڕەوتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی (٢) هەڵســەنگاندنی توانا و چالاکی و هیممەتی مامۆستا بۆ پاراستن و بەرزنرخاندنی ڕۆڵە پیرۆزەکەی (٣) هاوکاریکردنی مامۆستا بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێز و لاوازەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتیەکان.

**پێویستە هەگبەی مامۆستا زانیاری و بەڵگەنامەی پێویست بەو بابەتانەی خوارەوەی تێدابێت:**

- ژیاننامەی خودی _ سیڤی CV
- کورتەیەک لەسەر پرۆفایەڵی مامۆستاکە (مامۆستا چۆن خۆی پێشکەش دەکات).
- پاشخانی (باگگراوند)ی زانستی مامۆستا کورتەیەک سەیارەت بۆ بواری پسپۆڕیەکەی.
- ڕوونــــــــکردنەوەیەکی کەســـی بۆ فەلسەفە و پرینســـیپ و ئامانجەکانی مامۆستاکە لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی خوێندن و فێرکردن لە بوارەکەیدا .
- کورتەیەک سەبارەت بەو کۆڕس و بوارە پسپۆڕییانەی پێشکەش بە خوندکارانی دەکات.
- ژمارەی قوتابیان کە مامۆستا وانەیان تێدا پێشکەش دەکات.
- خشتەی بابەت و ناونیشان و ڕۆژ و کات و ساتی وانەکان.
- جۆری تاقیکردنەوەکان :پرسیار و وەڵامی نموونەیی و چۆنیەتی بەبەشکردنی ئەرکەکان.
- بەڵگەنامەکان سەبارەت بە هەوڵدان بۆ باشکردنی وانەووتنەوە وەک بەشداری کردن لە سیمینار.
- داهێنان لە بواری وانەبێژی و ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردن و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن .
- بەشداری لە شێوازە جیاجیاکانی وانەبێژ: وانەی کلاسیکی، سەرپەشتی سمیناری خوێندکاران، دیدی ڕەخنەگرانە و گفتوگۆی ئەکادیمی (بە بەڵگەوە).
- ڕاپۆرتی هەڵسەنگێنەری دەرەکی بۆ هەڵسەنگانی کۆڕسی مامۆستاکە.
- بواری توێژینەوە: لەسەر چەد لێکۆڵینەوە کار دەکات و چەندی بە ئەنجام دراوە لە کامیان داهێنانی نوێی لێبەدی دەکرێ؟
- بڵاوکراوە زانستیەکان و پەرتووکی چاپکراو یان وەرگێڕدراو.
- سەرپەرشتکردنی نامەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر و دکتۆرا) و بەشداریکردن لە لێژنەی تاوتوێکردن.
- بەشداریکردنی چالاک بە بەڵگەوە لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپی زانستی.

- چاڵاکی تر وەکو ئەندامێتی لە کۆمیتە و لیژنەی زانستی کارگیـــــڕیەکان :کۆنووســـەکان، بەڵگەی بەشداری چاڵاکانە.
- چاڵاکی مامۆستا لە دەرەوەی زانکۆ، بۆ نموونە لەگەڵ ڕێکـــــخراوە پیشـــــەییەکان، ڕێکخراوە خێرخوازەکان، میدیا و ڕۆژنامە.
- لە هەر کۆمەڵە دۆکیومێنتێک و چاڵاکیەک کە مامۆستا خۆی بە چاکی دەزانێ و دەیەوێ دەیەوێ بۆی هەژمار بکرێ.
- پاداشت و سوپاسنامە.

هەگبەی سەرۆکی بەش و سەرۆکی سکوڵ و ڕاگرەکان بە هەمان شێوە و بە هەمان ناوەڕۆک ئامادە دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت.

کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان و ڕێکخستنیان لە فۆڵدەرێکدا لە ئەستۆی خودی مامۆستادایە. پێویستە هەموو مامۆستایەک هەگبەکەی بەر لە کۆتایی مانگی نیسان پێشکەش بە سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جـۆری بەشی زانستی بکات.ئەوەی دوایش بە نێنی  و واژوو دەیخاتە بەردەستی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بە جیا و بە نهێنی کۆپیەکی فۆڕمی هەڵسەنگاندن (فۆڕمی بەرایی)پڕ بکاتەوە. (خشتەی ژمارە ١٦)

لە خانەی(١٧) ی فۆڕمەکەدا ڕێژەی کۆتایی دەنوسرێت (کۆی ئاستەکانی سەرووتر دابەشی ١٦ دەکرێت). پێویستە بەرامبەر هەر بڕگەیەک، بە تایبەتی ئەوانەی  ئاستی زۆر بەرز (سەروو ٤,٥) و یان زۆر نزم (١-٢) یان هێناوە، تێبینیەک بنوسرێت و ئاماژە بە بوون وە یان نەبوونی بەڵگەی پێویستی ناو هەگبەکە بدرێت.

**لیژنەی هەڵسەنگاندی هەگبەی مامۆستا پێدێت لە:**

٠١ سەرۆک بەشـــی زانستی (ســــەرۆکی لیژنە).لەکاتی هەڵسەنگاندنی هەگبەی ســـەرۆک بەش و پلە کارگێڕیەکانی سەرووتر، پێویستە لیژنەی هەڵسەنگاندن لە لایەن بەرپرسی سەرووترەوە سەرۆکایەتی بکرێت.

٠٢ سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژ /فاکەڵتی یان نوێنەریکی ئەو .

٠٣ بەڕێوەبەری هۆبەی زانستی و خوێندنی باڵا لە ئاست کۆلێژ/ فاکەڵتی.

٠٤ مامۆســـتایەکی خاوەن ئەزموون، مەرج نیە ئەو مامۆستایە لە ناوەوەی فاکـــەڵتی بێت یان بواری پسپۆڕیەکەی وەک هی مامۆستای هەڵسەنگێندراوەکە بێ. مامۆستای هەڵسەنگێنراو لە کۆبونەوەکاندا ئامادە نابێت.

ساڵانە لیژنەی هەڵسەنگاندن پێش کۆتایی مانگی مایس کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات و ناوەڕۆکی هەگبەی سەرجەم مامۆستایان هەڵدەسەنگێنێ و فۆڕمی کۆتایی (ڕێژەی ئاستەکان و تێبینی وپێشنیازەکان) پەســـەند دەکات . پێش کۆتایی مانگی مایــــس فۆڕمی کۆتایی پەســـەندکراو لەگەڵ کۆنووسی کۆبوونەوەی  لیژنەی هەڵسەنگاندن بە نهێنی لە ڕێگەی سەرۆکی لیژنەی دلنیایی جۆری کۆلێژ/ فاکەڵتیەوە بۆ ڕاگر دەنیردرێت و لە ڕێگەیەوە پێشکەش بە ئەنجـــومەنی فاکەڵتی دەکرێت.فۆڵدەری هەگـــبەی مامۆستا بۆ خاوەنەکەی

دەگەڕیندرێتەوە . لەو حاڵەتانەی کە مامۆستا پلەی زۆر بەرز وە یان زۆر نزمی بەدەست هێناوە ، کۆپیەکی فۆڵدەرەکەی لەلای سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی هەڵدەگیرێت بۆ کاتی پێویست (بۆ نموونە سکاڵا و پشکنین و بەدواداچوون).

باشترین مامۆستای ئاستی هەر بەشێکی زانستی و ئاستی فاکەلتی دەستنیشاندەکرێت و کاندید دەکرێت بۆ باشترین مامۆستا لەسەر ئاستی زانکۆ.

هەموو ساڵێک پێش ئاهەنگی دەرچوون، ئەنجوومەنی زانکۆ/دەستە بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری، کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی فاکەلتیەکان ڕەچاو دەکات و باشترین مامۆستا لەسەر ئاستی زانکۆ دەستنیشاندەکات بە مەبەستی ڕاگەیاندنی لە ئاهەنگی دەرچووندا.

هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا بەشێکی دانەبڕاوە لە پڕۆسەی دڵنیایی جۆری و تەواوکەرە بۆ پڕۆسەکانی زانستخوازی بەردەوام و هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن خویندکارانەوە لە ڕێگەی فیدباکەوە . ڕاستە کە جۆرێک لە تێکهەڵکێشان و دووبارە بوونەوە لە پرسیارەکان بەدی دەکرێت بەڵام وەڵامەکان و هەڵسەنگاندنەکان لە لایەن دوو پێکهاتەی جیاواز و دوو دیدی سەربەخۆوە ئەنجام دەدرێت، یەکێکیان لەلایەن ئیدارەوەیە و ئەوەی تریان لەلایەن قوتابیانەوەیە . لەوانەیە دەرەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بۆ هەمان جۆرە پرسیار زۆر لە یەکتر جیاواز بن .

جگە لە هەگبەی مامۆستا سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژ فیدباکی مامۆستاکان لەسەر سەرۆک بەش ، فیدباکی سەرۆک بەش لەسەر ڕاگری کۆلێژ/فاکەڵتی کۆدەکەنەوە و بە نهێنی دەدرێت بە بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ/دەستە و لای ئەوان شیدەکرێتەوە (نەخشەی ١ و ٢) هەڵسەنگاندنی هگبەی مامۆستا ڕاگرەکانی کۆلێژ و فاکەڵتیەکان ناگرێتەوە .

## ٦_ پێداچوونەوەی هاوەڵان Peer Review

ئەدای هەموو مامۆستایەکی وانەبێژ لە جۆری وانەووتنەوە و جۆری بەکارهێنانی سیستمی فێربوون لە لایەن مامۆستایەکی هاوەڵ هەڵدەسەنگێندرێت کە ئەویش دەبێت مامۆستا بێت لە هەمان بەش . خودی مامۆستای وانەبێژ ئەم هاوەڵە هەڵدەبژێرێت بە مەرجێک خۆی نەبێت بە هەڵسەنگێنەر بۆ مامۆستای هاوەڵ، واتە بەشێوەیەکی بازنەیی ئەم هەڵسەنگاندنە کاردەکات .ئەنجامی ئەم هەلسەنگاندنە دەکرێت بە ڕاپۆرت و دەدرێت بە سەرۆک بەش و بەرپرسی دڵنیایی جۆری کۆلێژ . تا نووسینی ئەم نامیلکەیە ئەم بەرنامەیە کاری پێنەکراوە و دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستبەکاربێت.

## ٧_ نهێنی پاراستن Confidentiality

ئەرکی بەرپرسەکانی زانکۆیە، بە تایبەتی ئەوانەی لە پڕۆسەی دڵنیایی جۆری کاردەکەن، کە پابەندبن بە نهێنی پاراستنی ئەو زانیاریانەی لەسەر مامۆستای وانەبێژ، سەرۆکی بەش و ڕاگر کۆدەکرێنەوە .

ئەرکی سەر شانی سەرۆک بەش و ڕاگری کۆلێژ/فاکەڵتیە کە لە نزیکەوە چاودێری جێبەجێ کردنی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری بکات و مامۆستا و قوتابی دڵنیا بکات کە پڕۆسەکە بە سەرکەوتوویی دەبێ ئەنجامبدرێت.

بەڕیوەبەی دڵنیایی جۆری زانکــۆ/دەستە بە سەرپەرشـــتی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی دوای خوێندنەوەی دەرئەنجامی شیکـــــردنەوەکانی فۆرمی فیدبـاک بۆیان هەیە دانیشتنی تایبەت سازکەن لەگەڵ مامۆستای وانەبێژ و بەدواداچوون بکەن بەمــەبەستی پێشخستن.ئەو مامۆستایەی بە هەســـتێکی بەرزی پیشەییەوە پێشوازی لە ڕەخنەکان دەکات و چاکسازی کە کەمووکورتیەکانی خۆی دەکات، بە فەرمی دەبێت سوپاسی بکرێت، بەڵام ئەو مامۆستایەی ئامادە نیە ڕەخنەی ئەکادیمی دروستکەر پەسەندکات ئەوا دەبێتە ڕێگر لە پێشخستنی پڕۆسەی خوێندن و مــێتۆدی فێربوون، ئەم ڕێگـــــترایەتیەش دەبێت لە لایەن ئیدارەی زانکۆ/دەستەکانەوە چاری بۆ بکــرێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەو جۆرە مامۆستایانە جێــگەی خۆیان لەقدەکەن لە دەزگاکانی خوێندنی باڵا.

## ٨_ پەرەپێدانی پرۆگرامەکان Curriculum Development

زانکۆ/دەستەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پڕۆگرامی خوێندن و مێتۆدی فێرکردن پێویســتی بە گۆڕانکاری ریشەیی هەیە بۆ کەم کردنەوەی تەواوی کەلێن و بۆشاییەکانی ناو پرۆسەی فێرکردن . ئەم پرۆگرامە لە شێواز و ستاندەری ئەکادیمیدا دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان کە بە جۆرێک توانستی زانستی فێرخوازان وەها باڵا بکات کە دوی دەرچوونیان پەکیان نەکەوێت وبەشداری لە پێشخستنی وڵات بکەن.

ئامانجی سەرەکی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پشتبەستن بە دەرخکردن کۆتایی پێبێنێ و خۆفێرکردن و تێگەیشتن و ڕەخنەگرتن بچەسپێنێ.

بەرنامەی پەرەپێدانی پڕۆگرامی خوێندن بەشێکە لە دڵنیایی جۆری و جەخت لەسەر فێربوونی زمانی دووەم دەکات ،گەڕان بەدوای زانیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە critical thinking و بۆ یەکەمجار دروشمی (( لە فێرخوازێکی ناچالاک بۆ بیرکەرەوەیەکی ڕەخنەگر کاری بۆ دەکرێت from passive learner to critical thinkers .

لەهەموو زانکۆ و دەستەکاندا بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پڕۆگرامەکان دەستنیشان کراوە و ئەرکەکانیان بریتین لە:

- ئاڕاستەکردنی هێڵەگشتیەکانی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پەرەپێدانی و گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنی یەکەی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ستاندەرە جیهانییەکاندا.
- پەیڕەوکردن لەگەڵ لێژنەی زاستی بەشە زانستیەکان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ پیادەکردنی پلانەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بواری پەرەپێدانی پڕۆگرامەکاندا.
- هەڵسەنگاندن و پەرەسەندنی ئەو بابەتانەی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت و زانکۆ و دەستەکاندا.

- هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بە هەمان شێوازی لیژنەی دڵنیایی جۆری دەبێت.

**لە فەرمانی ژمارە ن/٨٥ لە بەرواری ٢٠١١/١٠/٢٣ بڕیار دراوە کە :**

- ستافی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان جیاوازن لە ستافی دڵنیایی جۆری لە زانکۆ و دەستەکاندا بەڵام هەماهەنگی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لە نیوانیاندا هەیە.
- دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان لە زانکۆ و دەستەکان هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری دەبێت.
- دەسەڵات دراوە بە ئەنجومەنی زانکۆ و دەستەکان کە ،لەبڕی کۆنگرە ،ئەرکی پەسەندکردنی گۆڕانکاری و ڕیفۆڕمی پرۆگرامی خویندن لە ئەستۆی بگرن.
- گۆڕینی پرۆگرامی خویندن لە بەشە زانستیەکانەوە پێشنیاز دەکرێت (باشترە هەماهەنگی لەگەڵ بەشە هاوشێوەکان بکرێت بۆ سوود وەرگرتن) و بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلێژ و بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان لە زانکۆ و دەستەکان بۆ ئەوەی بە ووردی گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت و دوا درافتی ئامادە بکرێت ،پاشان دەدرێتە وەزارەتی خویندنی باڵا.
- پێویستە ئاڕاستەی کۆبوونەوەکانی نێوان بەشە هاوشێوەکانی زانکۆ و دەستەکانی کوردستان بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرام و ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا بێت نەک کۆپیکردن و هاوتاکردنی پرۆگرامەکان.

شێوازی پەیوەندیکردنی نێوان بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی وەزارەت و زانکۆ و دەستەکان هاوشێوەی دڵنیایی جۆری دەبێت کە بەشیوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای ئیمێڵەوەیە.

**تایبەتمەندییەکانی ئەندامانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگۆامەکان بریتین لە:**

١. باوەڕی تەواوی بە گۆڕانکاری و چاکسازی پڕۆگرامەکانی خویندن هەبێت .

٢. ئارەزووی کارکردن و کاتی کارکردنی هەبێت .

٣. خاوەنی پلەی زانستی شیاو بێت.

٤. شارەزایی تەواوی هەبێت لە زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر و شێوازی وانەووتنەوە.

٥. شارەزایی هەبێت لە پرۆگرامەکانی خویندن و شێوازی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکان.

ئەم بەرنامەیە ساڵی یەکەمی خویندنی زانکۆ دەکاتە ساڵی ئامادەکاری ،ئەمەش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی توانستی زمان بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و هاندانی قوتابی بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی فێربوون

و فێرکردن ،بۆ ئەمەش بابەتێک بەناوی گفتوگۆی ئەکادیمی academic debate یان گفتوگۆی زاستی scientific debate دادەنرێت و قوتابی دابەشدەکرێت بۆ چەند گروپێک و کاردەکەن لەسەر بابەتیک یان گرفتێگ لە بواری پسپۆڕی خۆیاندا و دواتر گشتیان گفتوگۆی لەسەر دەکەن ئەرکی مامۆستا تەنیا سەرپەشتی کردنەوە و قوتابی فێردەکات لە دۆزینەوەی سایت و سەرچاوەکان و پێدانی فیدباک.

لەساڵی یەکەمدا خوێندنی زانکۆ دەبێتە ساڵی ئامادەکاری و ٧٠% ی بابەتەکان تەرخان دەکرێت بۆ بنیادنانی توانستەکانی قوتابی خوێندکار و ئامادەکردنیان بۆ ژیان و خویندنی زانکۆ ، لە ٣٠% ی بابەتەکان دەروازە بێت بۆ پسپۆڕی بەشەکە. ژمارەی بابەتەکانی قۆناغی یەکەم ٦-٨ بابەت دەبێت (بەپێی پسپۆڕی بەشەکە و ڕەچاوکردنی ژمارەی یەکەی پێویست بە گوێرەی ستاندارده کارپێکراوە جیهانییەکان).

ساڵی دووەمی خوێندنی بەکالۆریۆس زیاتر پەیوەندی بە خویندن و ئایندەی قوتابیەوە دەبێت واتە ئامادەکاریەکی تیۆری دەبێت ، بەڵام ساڵی سێیەم و چوارەم جەخت لەسەر بواری پراکتیکی سوودبەخش دەکرێت لەگەڵ فێربوونی سەردەمیانە و هەلومەرجی بازاڕی کار بگونجێت .قوتابی هەڵی چەند بابەتێکی هەڵبژاردەی پێدەدرێت options وەک هاندان بۆ دۆزینەوەو بڕیاردانی ئایندەی خۆی بە ئارەزووی خۆی.

لە هەر بابەتێکی پسپۆڕی دەبێت لە ٣٠% وانەکان بە شێوەی critical thinking پێشکەشبکرێت و بە درێژی هەموو ساڵەکانی خوێندن جەخت لەسەر بەردەوامبوونی زمانی ئینگلیزی تایبەت بە وانە پسپۆڕیەکان دەکرێت.

لە قۆناغی دووەم و سێیەم چوارەمی بەشە مرۆییەکاندا لە هەر ساڵیک بەلانی کەمەوە یەک بابەتی پسپۆڕی بە زمانی ئینگلیزی و یەک بابەتیش بە زمانی عەرەبی دەخوێنرێت . زۆر گرنگە کە سوود لە بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆکانی هەرێم وەربگیرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وانەی زمانی ئینگلیزی ، پێویستە خولی تایبەت بۆ ڕاهێنانی ئەو مامۆستایانە ڕێکخرێت لە بەشە مرۆییەکان کە ئاستی زمانی ئینگلیزیان باشە تاوەکو بتوانن بەشداری لە ووتنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزی پسپۆڕیدا بکەن.

### ٩_ مۆڵەتدان Licensing

مۆڵەتدان بە کردنەوەی بەش، سکوڵ، کۆلێژ، فاکەڵتی، و زانکۆی نوێ(حکومی و ئەهلی)، یەکێکە لە بەرنامە سەرەکییەکانی دڵنیایی جۆری. ئەم دەزگایانە دەبێت بە پێی ئەو پێوەرانە بێت کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەرچووە و بە شێوەی فۆڕمی تایبەت دارێژراوە . هەر زانکۆ و دەستەیەک بیەوێت دەزگایەکی زانستی نوێ بکاتەوە دەبێت پێش وەخت بە ماوەیەکی گونجاو پرۆپۆزەڵێکی تێروتەسەل کە تێیدا پەیام Mission و دید Vision و ئامانجەکان Objectives بە درێژی دەستنیشان بکات و پێشکەشی بەڕیوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری بکات لە وەزارەت(نەخشەی ژمارە ٢٠).

مۆڵەتدان تەنیا پەیوەندی نیە بە مۆڵەتدان بە کردنەوەی دەزگایەکی نوێ بەڵکو وەرگرتنی قوتابی خوێندکار لە بەشەکانی زانکۆ و دەستەکاندا ڕاستەوخۆ دەبێت ڕەزامەندی دڵنیایی جۆری لەسەر بێت ئەمەش یە ڕەچاوکردنی هەندێ پێوەر وەک ڕێژەی قوتابی خوێندکار بۆ مامۆستا و دابینکردنی پێداویستیەکان. ئەم پەیوەندیە یە هەماهەنگی نێوان بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ/دەستە و بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگا و سەرپەرشتیکردنی مەڵبەندی ڕاوێژکاری و پەسەندکردنی بۆڕدی دڵنیایی جۆری و بۆدی زانکۆلاین بەڕێوە دەچێت.

## ١٠_ متمانەبەخشین Accreditation

متمانەبەخشین بە زانکۆ/دەستە جۆرێکە لە دڵنیایی جۆری کە تێیدا پرۆسەی فێربوون و گشت بەرنامەکانی خوێندنی باڵا لە لایەن دەزگایەکی دەرەکیەوە هەڵدەسەنگیندرێت بە مەبەستی ئەوەی بزانرێت ئایا یاسا و ڕێساکانی خوێندن بە ڕێک و پێکی پەیڕەو دەکرێت و ئەنجام دەدرێت یان نا؟ گەر هاتوو وەها بێت ئەوا ئەو زانکۆیە متمانەی پێ دەبەخشێت.

متمانەبەخشین چەمکێکی نوێ نیە، لە زۆر شوێن ڕاستەوخۆ .لە کۆمەڵگەی خوێندنی باڵای نێودەوڵەتیدا پێناسەیەکی فراوان بۆ<<متمانەبەخشین>> ڕاگەیاندراوە کە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە زۆر بابەتەوە هەیە لە نێوانیاندا:

